www.kurdistannet.org
22-5-2003 22:44

# مافی منا لاّنی عیّراق و بانگەشەی سیاسەتمەداران

کازیوە سالح

بەدلنیایەوە هەر وەلاّتیک بیەوێ پێگەی خۆی لە سەر بنەمایەکی دیموکراسی و پێگەی کومەلی مەدنی ومافی مرۆڤ بونیاد بنێت، مافی مرۆڤ بە گشتی و ماڤی منال یەکێکە لە گرنگترین خالەکانی بایەخدان و لێکۆلینەوەو بە دواداچونی، پاپەندی یاسا و پەیمانە نیودەلەتیەکانی تایبەت بە منال دەبێت، کە لە هەموو چەساندنەوەیەکی مەعنەوی ومادی وجەسەدی و عەقلی وململانیەیسیاسی و کاری قورس و زیانبەخش و دەیپارێزیت مافی خویندن و خوشگوزەرانی و یاری و کاتی بەتالیان دەداتێ، چونکە ئەوان ئومیدی داهاتووی گەلیکی شارستانی و کومەلیکی مەدەنی وپێشکەووتوون و بەحتەوەرن.

هەموو دەزانین منال کورد چەوساوەترین و بێبەشترین منال بووە و ئاگای لە هیچ جورە مافیکی خوی نیە و تەنانەت لە میتودی خویندنیشدا لە هوشیارکردنەوە بەرامبەر مافەکانی خۆی بێ بەشکراوە، گەورەترین پێشیلی یاسا نێو دەولەتیەکان و مافەکانی منال لە کوردستاندا کراوە. . . چ بە هۆی بارودۆخ و چەساندنەوەی دەرەکییەوە بێت چ بە هۆی سیاسەتی نا دروستی ناوخۆی کوردستانەوە بێت.

لە گەل ئەوەی هەردوو حکومەتی کوردی یەکی وەزارەتێکی مافی مرۆڤ و مەکتەبی ماڤی مرۆڤیشیان هەیە، بەلام کەمترین پرەنسیپی ماڤی مرۆڤ لە کوردستاندا جێ بە جێ ناکرێت، بە تایبەت منال بووە بە کالایەکی بازاری سوکایەتی پێ کردن و ماف خوراوی نیوان سرابەکانی سیاسەت.

هەتا ئیستاش ئەم هەموو وەزارەت و مەکتەبی مافی مرۆڤ ومنالانە بە تەواوی نازانن ژمارەی منالانی بێ باوک و منالانی سەرجادە وماف خوراو دابراو لە خویندن و چەوساوە چەندن، ئەوەشی لە کوردستاندا بایەخی پێ نادرێت ئامارە، لە هیچ بواریکی ژیان و چەوساندنەوە و کوسپ وتەگەرە یەک لە دوای یەکەکانی کوردا ئامارمان نیە وبایەخیشی پێ نادرێت.

ئیمە هەتا ئیستا نازانین چەند منالی کورد بە هوی کیمیاوی و چەکی ( یورانیوم) ەوە تووشی نەخوشی و کەم ئەندامی وکارگەریە خراپەکانی ئەم چەکە بووە، کە خرابترین کارەساتی نامرۆیی تا ئیستا لە پاش کارەساتە تالەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی و هەلەبجە لێکەتوەتەوە، کە بە چەندین جۆری نەخۆشی شێرپەنجە ی خوێن و سی و جورەکانی تری شێرپەنجەو هەناسە توندی بوون، هێندەش کاریگەری خراپی بۆ سەر ژینگە هەبووە، کە ئەو مەسەلە بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت، لە گەل ئەوەشدا تا ئیستا ئاماریکیان لە سەر کۆنەکراوەتەوە، منالاّنی پاش ماوەی ئەنفال ژمارەیان نادیارو وونە، هەتا ئیستا ئەو هەموو پارەی لە کوردەکانی دەرەوەی کوردستان بەناوی منلانی کوردەوە کودەکرێنەوە تەنها گیرفانی سیاسیەکان و تەرازووەکانی جەنگ پر دەکاتەوەو منالانی کوردستان ئەو سوودەیان نەبینی کە بەو رێژەیە لە سەر شەقامەکان نەکەونە ژێر باری قورسی نان پەیدا کردن وئیستغلالی کردنی جنسی و جورەها سوکایەتی پێکردن.

لە ئێستاشدا کە حزبە سیاسیەکان هەریەکە ململانیەی ئەوەیەتی بارەگاو مەکتەبی ئەو لەوی دیکە گەورەترو پر میوانترو ئاوەد انتربێت لە بەغدا، بەلاّم ئاوەدان لەوانەی کە سبەینێ دەتوانن دەنگیان بۆ بدەن لە داهاتودا. کورسی ودەسەلاتی پێ بەرنەوە، نەک کێشەی منالان.

دەنا بە پێ ی ئامارەکانی مافی مرۆڤ ژمارەی منلاّنی عێراق نیوەی ژمارەی دنشتوانی عێراقە واتە ژمارەی دانشتوان ( ٢٢٤٥٠٠٠٠) و ژمارەی منالاّن ( ١٠٨٥٣٠٠٠) کە لە خوار ١٨ سالەوەن، لەوانەش ژمارەیەکی زوری ئەو منالاّنە دوچاری نەخۆشی کوشندە بونەتەوەوەکو شێرپەنجەو لاوازی و. . . .

تاد بە رادەیەک لە سالی **١٩٩٧** ملیونیک منال کە تەمەنیان لە پێنج سال کەمترە تووشی بەد خوراکی بوون، هەروەها لە **١٩٩١**دا **٧٢%** ی منال عێراق تووشی بەدخوراکی ببون، جگەە لەوەی ڕێژەی مردنی منال هێندە بەرزببووە کە سەرچاوە مرۆیەکان بە **٦٠٠%** دەیچوێنن لە نێوان سالەکانی **١٩٩٠ – ١٩٩٤**..

.

سەلماندنی ئەو مەسەلەیەش بابەتی ئەم باسە نیە، بەلاَم ئەوەی جێگەی سەرنجە هەتا ئیستا جگە لە مافی مرۆڤی عێراقی بەشی سوریا هیچ جیگەورێکخراوێک بایەخی بەو مەسەلەیە نەداوەو هەول نادات ئەو زیانانە بخاتە ڕوو کە لە منال کەوتوە. . هەتا ئیرەش مەسەلەکە جیگەی مشتو مرە. بەلاَم ئەوەی جێگەی سەرنجە و تێبینی نادروستت لە لا تۆمار دەکات ئەوەیە، ئەو هەموو دانیشتانەی لێپرسراوە عەرەب و کوردەکان لە گەل سەرجەم چین و توێژەکانی عێراقدا لە بەغدا ئەنجامی دەدەن. بە ئومێدی گرتنە دەستی جلەوی سەرکردایەتی داهاتوو ی عێراق، تەنها جارێکیش بایەخ و دیدار لە گەل ئەو لایەنانە نەکرا کە بایەخ بە کێشەکان منال و مافەکانی منال دەدەن، تەنها جارێکیش باس لە پرۆگرامێک نەکرایەوە کە ئاماری منالە زیان لێ کەوتوەکانی کورد و عێراق نیشان بدات و بدرێ بە رێکخزاوی مافی منالانی جیهان، تەنها بۆ ڕووکەشیش بێت ئەو هەموو زیانەی لە منال کەوتوە جارێک نەخرایە بەر باس و لێکۆلینەوە، هەموود ەزانین لە ڕوو یاساییەوەدەکرێ ئەو منالانە نەتوانن دەنگیان بۆ بدەن بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان بە کاریان بهێنن بۆیە بێ بایەخ و بێ نرخن لەلایەن سەرکردەخوازەکانی داهاتووی عێراق، ئەوانی منالایش ئیستا نازانن بە چ دەردیک دەبرێن بەلاَم خۆ ئیمەی گەورە خوێندنەوەوپێشبینی خۆمان هەیە بۆ ئایندە و ئەزانین ئەو شێوە ئاکارە تەنها لەرژیمە تۆتالیتاریانە دەوەشێتەوە کە سەدام ئاسا لە سیاسەتدا تەنها خۆی دەرویشەکانی خۆی مەبەستە.

دەزانین ئەو زیانە گەورەیەش لە منالان کەوتوە لە عێراقدا و ناو کوردا، لە زیانی ژێرخان وسەرخانی ئابوری ترسناکترە. هەر نەتەوەو میلەتیکیش لە هەموو شت زیاتر بایەخ بە منال نەدات و بە داهاتوو چارەنوسی خۆی نەزانێت، ئەو ولاتە هەمیشە ژێر دەست مافخوراو دەبێت. . ئیتر دەبێ سیاسیەکان کێ بخەلەتێنن.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**